# ڕاپۆرتەکەی بیکەر-هاملتۆن، کوردستان نوقمی سیناریۆی ڕەش دەکات
# هیچ ڕێگایەك نەماوەتەوە جگە لە جیابونەوەی کوردستانو پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ

**زمناکۆ عزیز**
zmnaco@yahoo.co.uk

دوای ڕوخانی ڕژێمی فاشیستی بەعس لەسەر دەستی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی، عێراق بووەتە نائارامترین جێگە بۆ بەشەر، ئەویش بەو هۆیەوەی کە دەسەڵات لە بەعس سەندرایەوەو درایە دەست تاقمێك مەلاو ئەڵقەلەگوێی ئەمریکا، بەمەش گەورەترین زەمینەی تیرۆرو کوشتوبڕیان خولقاندو جەنگی تائفیان بەرپاکردو ئیسلامیەکانیان چەند بەرابەر بەهێزتر کرد لەچاو دەورانی بەرلە ڕووخانی بەعسدا، هاوکات فرەسەتیشیاندایە دەوڵەتانی ناوچەکەو جیهان کە هەریەکەو بەئەندازەی سەنگی خۆی جێگەپێی خۆی لەعێراق بکاتەوە، بەم شێوەیە عێراق کرایە مەیدانی چالاکی دەیان باندی تیرۆریستیو کۆمەڵگاش غەرقی سیناریۆی ڕەش کرا، کە تاکە زەرەرمەندی گەورە لەم نێوەدا خەڵکی عێراقو جەماوەری ملیۆنی ئەم وڵاتەیە کە سەدان هەزارکەسیان کرایە قوربانیو چەندبەرابەری ئەو ژمارەیەش دەربەدەرو ئاوارەکران. هەرئەمەش وایکرد کە ئیدارەی ئەمریکیو هاوپەیمانەکانی لەدوای 11ی سێپتامبەرەوە توشی گەورەترین قەیرانی سیاسی ببنەوە لەجیهاندا.

ئێستا ئەمریکا کەوتوەتە ناو زەلکاوێکەوە کە هاتنەدەرەوەی زەحمەتە، یان ئەبێت دەستهەڵگرێت لەعێراقو پاشەکشە بەسوپاکەی بکات، یان بەدوای سیناریۆیەکی ترەوە بێت بۆ ئەوەی بتوانێ درێژە بەسیاسەتەکانی خۆی لەجیهاندا بدات، بۆئەمەش ڕێگای دووەمی هەڵبژاردوەو ڕاپۆرتی لیژنەی بیکەر-هاملتۆن زەمینەی ئەو سیناریۆ نوێیە ئەخولقێنێت. ڕاپۆرتەکە بەدروست ئاماژە بەئەوە ئەکات کە نەخشەی ڕازیکردنی ئۆپۆزسیۆنی ناوخۆیەو بۆئەمەش زۆربەی هێزە سەربازییەکانی خۆی لەعێراق بکشێنێتەوە، هاوکات لەڕێگەی شەریك کردنی ئێرانو سوریاوە لەعێراق بتوانێت بۆماوەیەك ئارامی لەعێرقدا دابین بکات. وێڕای قۆناغەکانی داهاتووی ئەم سیناریۆیە کە بێگومان ڕەشترو دیمەنەکانی تاڵترن، بەڵام تائێرە خەونەکانی ناسیونالیزمی کوردی سەبارەت بەمانەوەی باڵادەستیان لەکوردستانو شەریك بونیان لەحکومەتی مەرکەزی نایەنەدیو لەوەش واوەتر ئەوەیە کە ئایندەشیان ڕۆشن نیە.

ئەم ڕاپۆرتەی بیکەر-هاملتۆن لەدرێژەی سیناریۆکانی ئەمریکا دێت لەعێراق، کە لەسێ ساڵی ڕبردووی پاش ڕووخانی بەعس سازی داون، سیناریۆی حاکمی عەسکەری گارنەرو حاکمی مەدەنی بریمەر، ئینجا مەهزەلەی مەجلیس حوکمو پاشان هەڵبژاردنە ساختەکانو حکومەتەکانی عەللاویو جەعفەریو مالکی، وە بێگومان ئەمیش دوایین سیناریۆ نیەو شاهیدی چەندینیتر ئەبینو ئەمریکا جگە لەبەڵاو کاولکاری هیچ دیاریەکی نیە بۆ وڵاتان.

ئەگەرچی دەربازبوون لەم زنجیرە سیناریۆیانە لەعێراق لەسەرەتادا بەندە بە کۆتایی هێنان بەداگیرکاری ئەمریکاوەو دامەزراندنو بەهێز کردنی"هێزی ئارامی-قوە الامان"ی سەربە کۆنگرەی ئازادی عێراق. بەڵام لەکوردستان وەزعەکە جۆرێکی ترەو پێویستە خەڵکی کوردستان لەمە زیاتر دوای ئەو گەمە تاڵو ماڵوێرانکەرانەی ئەمریکاو ئەحزابی ناسیونالیست نەکەونو، بەدروشمی جیابوونەوەی کوردستان بەرەو ڕووی سەرجەم بەرنامە نائینسانیو دواکەوتوەکانیان ببینەوە، ئەگەر هەر هێزێکی تریش بەهەر ئەندازەیەك خۆی بە پشتیوانو لایەنگری خەڵکی کوردستان بزانێتو بەرژەوەندی خەڵك لەبەرچاوبگرێ، ئەبێت بەم دروشمەوە شانبەشانی سەدان هەزار کەسی ناڕازی کوردستان داوای بەرپاکردنی ڕیفراندۆمو جیابوونەوەی کوردستانو پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ بکات لە کوردستان. با ڕێگەنەدەین کە سیناریۆی داهاتویان فەزای ئارامی بشێوێنێتو خەڵکی کوردستان پەلکێشی شەڕێك بکەن کەشەڕی ئەوان نیە. چیتر دەست تێکەڵ کردنو بڕواکردن بە بەڵێنەکانی ئەمریکا ئەبێت وەك تاوانی گەورە تەماشا بکرێنو کەس بۆی نەبێت بەناوی خەڵکی کوردستانەوە، ئەو بەندوبەستە لەسەرووی خەڵکی کوردستانەوە بکرێت.

بژی هێزی جەماوەری کوردستان بۆ جیابوونەوەی کوردستان

**زمناکۆ عزیز**

**سکرتێری ڕێکخراوی کوردستانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**

2006/12/9